Worker-communist Party of Iraq
Abroad Committee

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق
کۆمیتەی دەرەوەی وولاّت

الحزب الشيوعي العمالي العراقي
لجنة تنظيم الخارج

# با لە یەکی ئایاردا بەدەنگێکی بەرز هاواربکەین:
# بەسیەتی جەنگ ، بەسیەتی داگیرکاری!
# بەسیەتی کوشت وکوشتاری تایفی!

یەکی ئایار ڕۆژی هاوپشتی نێونەتەوەیی چینی کرێکارە، ڕۆژی ڕاگەیاندنی ناڕەزایەتی کرێکارانی جیهانە دژ بە سیستەمی سەرمایەداریو کۆتایی هێنان بە دونیای برسێتی و هەژاری و زوڵم و چەوساندنەوە.

ئەمرۆ کرێکارانی عێراق لە کاتێکدا پێشوازی لە یەکی ئایار دەکەن کە سیناریۆی ڕەش و داگیرکاری، کێشمەکێشی خوێناوی و تایفەگەریی ئەم کۆمەڵگایەی لە جەهەننەم هەڵکێشاوە. سیناریۆیەك کە بناغەکانی کۆمەڵگای مەدەنی بۆ چەند دەیەیەك بردۆتە دواوەو هیچ بوارێکی بۆ ئاسودەیی ئینسان و ژیانی جەماوەری عێراق نەهێشتۆتەوە.

لەم سیناریۆیەدا ئەمەریکا لە پێناو ئامانجە کونەپەرست و دژە ئینسانیەکانی خۆیدا لەژێر ناوی دیموکراسیو ڕزگاری خەڵکی عێراق دا جەنگێکی خوێناوی بەسەر جەماوەری عێراق دا داسەپاندووە. ئەمەریکاو سیاسەتە جەنگییەکانی کۆمەڵگایان بەسەر ناسنامەی قەمیو دینیو تایفەگەرییدا دابەشکردوەو ناسنامە ئینسانیەکەیان لێسەندۆتەوەو ماف هاولاّتی بوونیان بەتەواوی ژێرپێ ناوە. بەمجۆرەش جەنگ و داگیر کاری بیانووی داوەتە دەست تاقمو میلیشیا ئیسلامیەکان بۆ بردنە پێشەوەی ئامانج و مەرامە گڵاوەکانیان لە عێراقدا.

لە یەکی ئایاری ئەم ساڵدا کرێکاران بە سەختترینو توندترین قۆناغی مێژوییدا تێدەپەڕن. ئەوان نەك هەر لەبەردەم هەڕەشەی کرێی کەم، سەعات کاری زۆر، نەبوونی بیمە کۆمەلاّیەتیەکان، پێشێلکردنی مافە سەرەتاییەکانیانو لێسەندنەوەی تەواوی ئەو دەستکەوتانەی کە بە مێژوویەکی خەباتکارانەی دورو درێژ بە دەستیانهێناوە ڕاگیراون، بەڵکو تەواوی بوونو ژیانیان کەوتۆتە بەردەم هەڕەشەی تیاچوونەوە. داگیرکاری و جەنگ و کوشتاری تایفیو دەستبەسەراگرتنی گشت سامان و داهاتی ئەم کۆمەڵگایە ژیانی کرێکارانی کردۆتە دۆزەخ. کرێکارانی عێراق لە تیکۆشانیکی مەزندان لە بەرانبەر ئەمەریکاو داگیرکاری و حکومەتە دەستکردە قەرەقوشیەکەیدا، لە بەرانبەر میلیشیا چەکدارە ئیسلامیەکان بە هەموو باڵە جۆراو جۆرەکانیەوە. کرێکاران و ڕێکخراوە ڕادیکاڵەکانیان لە تێکۆشانی بەردەوامدان لە پێناو نەهێشتنی داگیرکاری و کۆتایی هێنان بەتەمەنی ئەو دەستەو تاقمە چەکدارە خوێن ڕێژانەو گێڕانەوەی مەدەنیەت بۆ کۆمەڵگا.

کرێکارانی عێراق بۆ ئەوەی بتوانن کۆتایی بەم هەلومەرجی داگیرکارییە بهێنن، مەدەنیەت بۆ کۆمەڵگا بگێڕنەوە و دەوڵەتێکی عەلمانیو غەیرە قەومیو غەیرە مەزهەبی دابمەزرێنن، پێویستیان بە کۆمەكو هاوپشتی بەرەی فراوانی کرێکاران و ئازادیخوازانی دونیا هەیە. هەربۆیە پێویستە لەسەر کرێکارانی جیهانو ڕێکخراوە کرێکاریەکان، بە تایبەتیش لە ئەمەریکاو بەریتانیاو گشت وولاّتانی پێشکەوتوو، کە لە ڕیزی پێشەوەی ئەو هێزو بزووتنەوانەی دنیادا بن کە تێدەکۆشن بۆ ڕزگارکردنی جەماوەری کرێکارو زەحمەتکێشی عێراق لەو تەنگانەیەی تێیکەوتوون. سەرکەوتنی کرێکارانی عیراق لەم جەنگەدا بێگومان سەرکەوتنە بۆ بەرەی کرێکاریو ئازادیخوازیو ئینسانیەت لە دنیادا، سەرکەوتنە بەسەر سیستەمی سەرمایەداری و سیاسەتە خوێناویەکانیدا.

دەبا پێکەوە یەکی ئایاری ئەمساڵ بکەینە ڕۆژی پتەو کردنی بەرەی کرێکاری و ئازادیخوازی بۆ پشتیوانی لە کرێکارانو جەماوەری ئازادیخوازی عێراق. لەم ڕووبەڕووبوونەوەیەدا کرێکاران و ڕێکخراوە کرێکاریەکانی عێراق بێئەندازە پێویستیان بە ڕۆڵو دەخاڵەتو کۆمەکی بەرەی جیهانی پێشکەوتوو هەیە. پشتیوانی لەم خەباتەیان بکەنو بەهەر شێوەیەك پێتان دەکرێت دەستی هاوکاری بۆ ئەم خەباتە شکۆمەندو قارەمانانەیان درێژ بکەن.

www.wpiraq.net
wcpiaorg@yahoo.com
+4791114116

Worker-communist Party of Iraq

Abroad Committee

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق

کۆمیتەی دەرەوەی وولات

الحزب الشيوعي العمالي العراقي
لجنة تنظيم الخارج

بژی یەکی ئایار!

بژی ئینتەرناسیۆنالیزمی کرێکاریی!

بژی سۆسیالیزم!

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

**کۆمیتەی دەرەوە**

**ناوەڕاستی ئەپریلی** 2007

www.wpiraq.net
wcpiaorg@yahoo.com
+4791114116